Signature Valid
dengekan
Digitally signed by dengekan
DN: cn=dengekan, o=Goran, c=CA
Date: 2002.10.20 18:51:57 -06'00'

# له سایەی بەعسدا

**بۆ جەمالی عەلی فائیز**

**حەمەسەعید حەسەن**

تۆ هاورێیەتی هەموو کەسێکت نەدەکرد، بەلاّم کە دەتکرد، برایەتییەکت دەکرد، مەگەر لە ئەفسانە و داستاندا هەبێ. من زۆر لەوانەی خۆشم دەویستن، شەهید بوون، زۆریش لەوانەی خۆشم دەوێن هێشتا زیندوون، بەلاّم نە هیچ کام لە شەهیدبووەکان و نە هیچ کام لەوانەی هێشتا ماون، وەک تۆ لەسەر شاچڵی دڵم خاوەنی هێلانەی هەمیشەیی نەبوون و نابن.

کەس داوای لێ نەکردووم، شتێکت لەسەر بنووسم، ئەگەر توانیبام هیچت لەسەر نەنووسم، نەمدەنووسی. هیچ تاوانی منی تێدا نەبوو، کە تۆ شەهید بووی، کەچی هەست بە شەرمەزاری دەکەم کە تۆ نەماویت و من ماوم، کە دڵی تۆ بۆ گولله بووە نیشانە و دڵی من بۆ تیری خەم. کە ئەکرەمی حەپسە شەهید بوو، شیعرێکم بۆ ئەویش نووسی، ئای کە ڕووزەردم، ئێوە شەهید دەبن و منیش دەنووسم. شیعر پیرۆزە وەک دایک، چی هەیە لە دایک پیرۆزتر بێت، بەلاّم بالاّی پیرۆزترین شیعر ناگاتە داوێنی شەهیدێک.

زۆر جار هەواڵی مەرگی کەسانی وام بیستووە کە زۆرم خۆش ویستوون و بڕواشم کردووە. هیچ باوەڕ ناکەم بێمەوە سلێمانی و تۆ نەبینم. بێمەوە و گۆڕێکم نیشان بدەن و بڵێن: جەمال لێرەدا ڕاکشاوە. بێمەوە و چاوەڕێم نەبی! بڕوا ناکەم. تۆ دەمریت و من دەژیم. ئای کە شەرمەزارم.

لە کوردستانیش ڕۆژانە هەواڵی ناخۆشم دەبیست، لەوێ چونکە لە ئامێزی گەلەکەمدا بووم، درەختێ بووم، ڕەگەکانی بە خاکی ولاّتەکەمدا ڕۆ چووبوو، هەوای خاوێنی کوردستانم هەڵدەمژی، هەواڵە ناخۆشەکان دەیانهەژاندم، فرمێسکیان پێ هەڵدەوەراندم، وەلێ وا بە سەختی کاریان لێ نەدەکردم، وا بە خوڕ نەیاندەگریاندم، وا لە بناغەوە نەیاندەڕووخاندم. جەمال لەوێش بوومایە، هەواڵی کۆچی ناوەختی تۆ لە گرێژەنەوە دەری دەهێنام، لە ڕەگوڕیشەوە هەڵی دەکێشام، وەلێ ورەی پێ بەرنەدەدام، وەلێ گوندی هیوای خاپوور نەدەکردم، وەک لێرە کردی.

دووریم لە کوردستان ئازارێکە شەوانە ناخم دەخوا . من لە ترسی مردن نەبوو، هەلاّتم. لەوێ گەلێ جار بە پیری مەرگەوە چووم و چاوەڕێی مردن بووم. لە ترسی سووکایەتی پێ کردن هەلاّتم. بەرگەی هەموو شتێکم دەگرت، لەگەڵ هەموو دژوارییەکدا ڕادەهاتم، سووکایەتی پێ کردن نەبێ. نەمدەتوانی لە سایەی هەلومەرجێکدا بژیم، ڕۆژانە هەست بە مرۆڤایەتی پێشێلکراوی خۆم بکەم. دەمتوانی ملی خۆم لە پەتدا ببینم، دەمتوانی ڕەوتی گولله بەرەو ڕووی خۆم ببینم، نەمدەتوانی مرۆڤایەتی خۆم لەژێر پۆستاڵدا ببینم. ئەوانەی لە سایەی بەعسدا دەژیان، بە پلەی یەکەم هەستکردن بە پێشێلکردنی مرۆڤایەتییان ڕاپەڕاندن و تەقاندنییەوە.

بەعس، چۆن باسی بەعس بکەم؟ بڵێم: فاشیست؟ نازیست؟ جەللاد؟ دڕندە؟ ملهوڕ؟ ئەو کالاّیانە کورتن بە بالاّی قووچی بەعسی. بەعسی! تەنیا ئەوانە بەعسی دەناسن کە لە زیندانی بەعسدا ژیاون. ئای لەو ڕژێمەی ئەو خەڵکە لە سایەیدا دەژین! یان ڕاستتر لە سایەیدا دەمرن. ڕژێمێکە کەس نەیتوانیوە پێناسەی بکا.

من نازانم کێ تۆی کوشت، بەلاّم دڵنیام ئەوی تۆی کوشت، نەیدەناسیت، ئەگەر تۆی ناسیبا، دەستی تێت نەدەچوو. یان ئەوەتا ئەوی تۆی کوشت ئینسان نەبوو، ئاخر تۆ هی ئەوە نەبووی، ئینسان دڵی بێت، ئازاریشت بدات، چ جای بتکوژێ. من نازانم کێ تۆی کوشت، بەلاّم بێ گومانم بکوژی تۆ، سەر بە هەر نەتەوە و چین و بیرێک بووبێت، پێش هەموو شتێک بەعسی بووە.

من لێرە ناکوژرێم، یان هیچ نەبێ بەو ئاسانییەی هاورێکانم لە کوردستان دەکوژرێن، ناکوژرێم. مرۆڤ لە سایەی بەعسی و بەعسیرەوتارەکاندا چۆلەکەیەکی باڵکراوە، کەی ویستیان، ملی هەڵدەکێشن. جەمال

هەست بە شەرمەزاری دەکەم، ملی تۆیان پێش ملی من هەڵکێشا. چیم دەسەڵات بوو؟ نەمدەتوانی نێچیرەوان بم، نێچیریٚ بووم، توانیم لە دەستی ڕاوچییەک هەڵبێم، کە چاوم لە لوولەی چەکەکەی بوو، ئاراستەی دڵمی کردبوو. هەستم دەکرد بە پاژنەی چەکمەکانی سەوزەگیای هەست و بیرم دەشێلێت. نێچیریٚ بووم، لەبەر دەستی ڕاوچییەکی دڵڕەقەوە بۆ بەردەستی ڕاوچییەکی دڵنەرم هەڵاتم. جیهان جەنگەڵێکە، خەڵکی نێچیرگەلێکن، دەسەڵاتدارانیش کۆمەڵێ نێچیرەوان. جیاوازی نێوانیان تەنیا لە جۆری تفەنگەکانی شانیاندایە. جیاوازی نێوانمان تەنیا لە جۆری مردنەکەماندایە.

کەمتر لە نیو سەدە ژیایت، وەلێ زێتر لە نیوەی ژیانت، ڕۆژانە چاوەڕێی دەستی مردن بووی، لە دەرگای ژیانت بدات. تۆش قوربانییەکی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو بووی کە بە زمانی زەبروزەنگ مامەڵەی لەگەڵدا دەکردی. زۆر جار مرۆڤ لەبەردەم دووریانێکدا ڕادەگیرێت، یان دەبێ ڕۆژانە چاوەڕێی مەرگ بکا، یان دەبێ ڕۆژانە مەرگ ببەخشێتەوە. تۆ لەمێژ بوو چاوەڕێی میوانی ئێسکگرانی مردن بووی. تۆ لە شارێکدا دەژیایت، تۆپبارانی لەسەر بوو. لەو شارەدا درەختێ بووی، ڕەگت لە زەوی گیر کردبوو. نەدەتتوانی باڵات وەشێری، نەدەتتوانی ڕەگەکانت هەڵبکێشیت و بیاندەیت بە کۆڵتدا و هەڵبێی.

کە ناچار بووم، کوردستان جێ بهێڵم، پێم گوتی:

* کەس هێندەی تۆ مەترسی لەسەر نییە، با ڕێگەی نامۆییەکی دیکە بگرینە بەر.

** بە پێنج کچەوە بۆ کوێ بێم؟

ئێمە هەر لە لایەنێکەوە قوربانی نین، تەنیا هەر چەقۆیەک هەڕەشەمان لێ ناکات، تەنیا ڕێگەیەکمان لێ نەگیراوە، هەموو دەرگاکانیان بە ڕوودا داخستووین. کە شەهید بووی، شەش منداڵت هەبوو، لە یەکەم منداڵەوە بە هیوای کوڕ بووی، لەو بوارەشدا بەخت یارت نەبوو. جەماڵ ئەمجارەیان کوڕتان بوو. ئەوە دەستی مژدەیەک بوو، لەمێژبوو چاوەڕێ بووی، بەر گوێت بکەوێ، بەڵام ئەفسووس پێش ئەوەی کوڕەکەت بێشکە جێ بهێڵێ، خۆت لە دارتەرمدا ڕاکشایت.

کە ڕێ دەکەوت، تۆ، من و چەند هاوڕێیەکی دیکە، لە جێیەک یەکمان دەگرت، لەناکاو پارچەکاغەزێکی قەدکراوت دەردەهێنا و هێدی هێدی دەتکردەوە و دەتخوێندەوە. زۆر لەو کاغەزە قەدکراوانە، شیعری منیان تێدا بوو. دەزانی هێشتا کەسم نەناسیوە، هێندەی تۆ عاشقی بەرهەمی ئەم قەڵەمە سەرەڕۆیەی من بووبێ؟ شیعرێکی نوێم نووسیوە، بەمزووانە ڕووناکی دەبینێ، بەڵام داخی گرانم، تۆی میوانی تاریکستانی گۆڕ، نایبینت و نایخوێنیتەوە و لە ڕۆژنامەکەی ناکەیتەوە و گیرفانی سەرەوەی لای چەپتی بۆ ناکەیتە هێلانە. بمتوانیبا بژیم و نەنووسم، لەگەڵ بیستنی هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی سووری تۆدا، دەستم لە نووسین هەڵدەگرت.

تۆ لە ڕووی تیۆرییەوە لە ئێمەت کەمتر دەزانی، کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەت لە ئێمە کەمتر خوێندبووەوە، هێندەی ئێمە شارەزای مێژووی خەبات و قوربانیدانی چەوساوەکان نەبووی، سەرمایەت نەخوێندبووەوە، وەک ئێمە گوتەکانی مارکست لەبەر نەبوو، کە ئێمە دەمانکرد بە مشتومڕێکی درێژخایەن، تۆ تەنیا گوێت دەگرت، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا و بە ڕەوتار، لە هەموومان کۆمۆنیستتر بووی. کۆمۆنیست کەسێکە موڵکی بۆ خۆی نەوێ، خۆشیی خۆی بکاتە قوربانی خۆشیی کەسانی دیکە. تۆ لە هەموومان کۆمۆنیستتر بووی، ئاخر لە هەموومان خۆبەختکەرتر و قوربانیدەرتر بووی.

هاوڕێ، پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە، ئەو پیرۆزییە دەگمەنە، لە برا، برادەر، هەڤاڵ، هاوبیر و هاوخوێندا بەدی ناکەم. کە وشەی هاوڕێ دەبینم، دەبیستم، یان دەنووسم، هەست دەکەم ئەو وشەیە تەنیا لە کەسانی وەک تۆدا بەرجەستە بووە. تۆ پڕ بە هەموو مانای وشەکە، هێندەی قووڵی و پیرۆزی وشەکە، هاوڕێ بووی. بەوەدا کە پێش کۆچی دوایی تۆ، نەمزانیبوو، ئازاری لەدەستدانی هاوڕێیەک، هێندە سەختە، بەوەدا دەڵێم تا ئێستا هاوڕێی لە تۆ خۆشەویستترم لە دەست نەداوە.